# هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
# سەبارەت بە حیزب و رێکخراوەی نەتەوە ژێردەستەکان

**زۆر جار هەنێ لە دۆستان لە ناو قسەوباسەکانا ئەمەیان داوە بەگوێما : ئەم شتە پچکۆلانانە چییە ئەیانکەی بە نووسراوە و ئەیانخەیتە ئەنترنێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا تێکڕای ئەو شتە پچوکانە بەڵگەدار و دێکۆمێنتین، کاتێک ئەڵێم نموونەیەک لەوانە لە ئەنترنێتدا دەسنیشان کەن و کەموکوڕییەکانی بخەنە روو با منیش و خەڵکیش ئاگادار بین، بێ وەڵامن.**

**جوان نەڕوانی**
**جوان، نابینی**
**جوانی جوانان**
**جوان، نابینی**

سەبارەت بە تێبینی ئەو دۆستانە ئەم چەن دێڕەم هەیە: گۆی زەوی و ئەستێرکانی دیکە لە شتی زۆر پچکوک پێکهاتووە، هیچ کەسێک و هیچ شتێک پچوک نییە، هەر کامە نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە! هیوادارم وردبینانە بڕوانین، وردبیانانە گوێبگرین، وردبینابە بخوێنینەوە و وردبینانە بیرکەینەوە.

لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 2007 دا بەرێز **ئیبراهیم عەلیزادە** وەک یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە رادیۆی فارسی **هەمبەستەگی** لە ستۆکهۆڵم وتووێژێکی ئەنجامدا، خاڵەکانی ئەو وتووێژە بریتی بوون لە:

1 – **بارودۆخی ئێران**
3– **گواستنەوەی چالاکییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ قوڵایی ئێران**
4 – **مەسئەلەی ئەتۆمی ئێران**
5– **کێشەی ئەمریکا و ئێران**
6 – **(** PKK**) حیزبی کرێکارانی کوردستانی ترکیە**
7 – **چەتری ئەمریکا بە سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێراقەوە**
8 – **مەسئەلەی نەتەوەیی لە ئێران دا**
9 – **چالاکی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ راوەستاوە؟**
10 – **ناکۆکی سیاسی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران .....**
11– **کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

***

ساڵی پار تێکڕای وتووێژەکەیانم بەبێ وشەیەک زیاد و کەم، کرد بەنووسراوە و لە سایتەکانی (www.brwske com- helwist.com- ashti.nu- astafe.eu ) بڵاوکرایەوە.

هەروەها چەن دێڕێکم بەناوی **رێبازی ئازادیخوازن رێزگرتنە لە ئازادی** سەبارەت بە گۆڕینی ناوی { PKK پارتی کرێکارانی کوردستان} بە {PKK پارتی کرێکارانی کوردستانی <u>تورکییە</u>} لە رێگای ئەو سایتانەوە بڵاوکردەوە.

هەر کام لەو خاڵانەی سەرەوە نووسراوەیەکی تایبەتی پێویستی. **مەسئەلەی نەتەوەیی لە ئێران دا** کە یەکێک لەو خاڵانەیە، لەلایەن (**بەڕیوەبەری رادیۆ هەمەبستەگی)** یەوە بەو جۆرە دێتە ئاراوە:

**همبستگی: آقای علیزادە، کومەلە روی حق تعین سرنوشت ملیتهای ساکن ایران تاکید میکند، همیشە در برنامە کومەلە اینهم بودە. بحثهای حول و حوش مسئلە ملی راە حلها هم داغە و داغ بودە در این مدت. یکی از این راە حلها مسئلە فدرالیزم است، اما کۆمەلە فدرالیزم را رد میکند، دلایل شما برای این چیست؟**
**رادیۆ هەبەستەگی : بەڕێز عەلیزادە، کۆمەڵە سەبارەت بە مافی دیاریکرنی چارەنووس نەتەوەکان بەردەوام تێئەکۆشێت، لە بەرنامەی کۆمەڵەدا ئەم باسە هەیە. قسەوباس سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی لە بەرنامەی کۆمەڵەدا بووە و هەم هەیە. یەکێک لە رێگاکانی چارەسەرکردنی ئەو باسە فدراڵییە، بەڵام کۆمەڵە فدرالیزم رەد دەکاتەوە، دید و بۆچوونی ئێوە لەم بارەوە چییە؟**

بەڕێز عەلیزادە لە درێژەی وەڵام بەو پرسیارە بەو جۆرە ئەڵێن:
**بنابراین ما فکر میکنم این از لحاظ رفع ستم ملی هم چارساز نیست. اما نگرانیها در مورد طرحهای فدرالی فعلی وقتی بیشتر میشود کە بە ترکیب نیروهای کە این شعارها را میدهند، نگاە کنیم. از دو سو ببین، از سوی بە اصطلاح ملت تحت ستم**

**بیشرشان جریانات ناسیونالیستی هستند که به هیچ چیزی جز بقدرت رسیدن حزبشان فکر نمیکنند و این برایشان باصطلاح محور و مرکز و تفکر برنامه‌شان است و در عین حال با ایده‌ها و افکار ارتجاعیشان زمینه‌ساز توسعه دادن و گسترش دادن اختلافات ملی و قومی هم هستند.**
**از آنطرف هم به اصطلاح از طرف ملت بالا دست به اصطلاح اگر بگویم آن ابزاری است فقط برای حفظ تمامیت ارضی. ببینید، الان ناسیونالیستهای ایرانیش سلطنت طلبان همه آنهای که با طرح فدرالیزم موافق هستند در دفاع از این به اصطلاح سیاستشان میگویند که راهی است برای حفظ تمامیت ارضی ایران. یعنی اساس مسئله را حفظ تمامیت ارضی قرار داده‌اند و بعد دنبال یک راهی هستنند برای این، به این نتیجه رسیده‌اند در یک توافق با احزاب معینی در یک تقسیم قدرتی که هیچ ربطی به رفع ستم ملی ندارد.**

**من پێم وایە ئەمە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی نییە. بەڵام نیگەرانییەکان سەبارەت بەو گەڵاڵەی فدراڵییەی ئێستا کە لە ئارادا هەیە، کاتێک دێتە پێشەوە کە لەو هێزانەی ئەو دورشمەیان گرتووە بەدەستەوە بڕوانین. لەو دو لایەنە بڕوانین، لایەنێکیان کە پێیان ئەڵێن ژێردەستە زۆربەیان ڕێکخراوەگەلێکی ناسیۆنالیستین کە جگە لە دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوەکەی خۆیان هیچیان بەلاوە گرنگ نییە، لە هەمان کاتدا بەو بیروباوەڕە کۆنپەرەستانەی کە هەیانە ڕێگە خۆش ئەکەن بۆ پەرەدان بە ناکۆکی نەتەوەیی و قەومی.**
**لەو بەریشەوە لایەنی نەتەوەی سەردەست ئەگەر بڵێین ئەوە کەرەسەیەکە بۆ ئەوەی یەکپارچەیی ئێرانی پێ ڕاگرن، ناسیۆنالیستە سەڵتەنەتخوازەکان گەڵاڵەی فدرالیان بۆیە قبووڵە کە یەکپارچەیی ئێرانی پێ بپارێزن، بەو شێوە لەگەڵ چەن ڕێکخراوەیەکی تابەتی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، کە هیچ پێوەندییەکی بە چارەسەری کێشەی نەتەوەییەوە نییە، ڕێککەوتن.**

من بەو جۆرەم کردووە بەکوردی – بەڵام خۆت فارسییەکەی بخوێنەوە!

با لەو بەشە لە وەڵامەکەی بەڕێز عەلیزادە کە ئەڵێن: **لایەنێکیان کە پێیان ئەڵێن ژێردەستە زۆربەیان ڕێکخراوەگەلێکی ناسیۆنالیستین کە جگە لە دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوەکەی خۆیان هیچیان بەلاوە گرنگ نییە، لە هەمان کاتدا بەو بیروباوەڕە کۆنپەرەستانەی کە هەیانە ڕێگە خۆش ئەکەن بۆ پەرەدان بە ناکۆکی نەتەوەیی و قەومی.** بکۆڵینەوە.

یەکێک لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا نەتەوەی کوردە، لەو بەشەی کوردستاندا چەند حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی بە بەرنامە و پڕۆگرامی سیاسی جیاوازەوە لە چالاکیدا بوون و هەن. با بزانین ئەو کارنامە کۆنەپەرەستانەی کە بەڕێز عەلیزادە باسی ئەکەن، ڕەوایە، یا ناڕەوا؟
لە چەن خاڵدا ئەڕۆمە ناو ئەو باسەوە:

1 - هەر حیزبێکی سیاسی بە هەر ئێدئۆلۆژییەکەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆی تێئەکۆشێ!

2 - ئەم بەشە لە وەڵامەکەیان: **لە هەمان کاتدا بەو بیروباوەڕە کۆنپەرەستانەی کە هەیانە ڕێگە خۆش ئەکەن بۆ پەرەدان بە ناکۆکی نەتەوەیی و قەومی.**
هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان تا ڕادەیەک بەرنامە و پڕۆگرامیان هەیە، داخوازییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانیان بە ڕوونی و بە ئاشکرا لە بەرنامەکانیاندا دەسنیشانکراون، ئەوەی کە بۆ خۆیان و نەتەوەی کوردیان بەڕەوا زانییوە، بۆ نەتەوەکانی دیکەشیان بەڕوا زانیوە.

باشترین نموونە بۆ ئەم باسە، بۆ نادورستی ئەو بۆچوونەی بەڕێز عەلیزادە، هەمان دورشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان دورشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لەو سیستمە دێموکراسییەی ئێراندا کە ئەگەر خودمختاری بۆ کوردستان دابین بکرێ، هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران ئەگەر خوازیاری بن، بەپێی هەمان سیستمی سیاسی کە بە نەتەوەی کورد دراوە، ئەوانیش ئەگرێتەوە و ئەتوانن بەدەستی بێنن.

3 – نموونە زیندووەکان – حیزبە ناسیۆنالیستە ژێردەستەکان لەشکرکێشییان کردووە بۆ سەر ناوچە و حیزبە باڵادەستەکان، **یا پێچەوانەکەی ئەنجامدراوە و ئەدرێ** ؟!

4 – حیزبە ناسیۆنالیستە ژێردەستەکان زمان و فەرهەنگ و ئەدبیاتی نەتەوە باڵادەستەکانیان بەربەست کردووە و بەرەو نەمانی ئەبەن، **یا پێچەوانەکەی ئەنجام دراوە و ئەدرێ؟!**

5 - حیزبە ناسیۆنالیستە ژێردەستەکان دەستیان گرتووە بەسەر سەروەت و سامان و کانە ژێرزەوییکانی ناوچەی حیزبە باڵادەستەکان و بەرنامەی تاڵانکردنیان بۆ دارشتووە، **یا پێچەوانەکەی ئەنجام دراوە و ئەدرێ؟!**

6 – حیزبە ناسیۆنالیستە ژێردەستەکان پەنایان بردووە بۆ ناوچەی حیزبە باڵادەستەکان بۆ ئەوەی چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن، **یا پێچەوانەکەی ئەنجام دراوە و ئەدرێ؟!**
.......
بە <u>3</u> هۆ ئەگەر هەموو رابەرانی حێزب و رێکخراوەی نەتەوە باڵادەستەکانی ئێران سەبارەت بە حیزبە ناسیۆنالیستە ژێردەستەکان ئەو بۆچوونەیان بەیان بکردایەت، نەئەبوو بەڕێز عەلیزادە <u>وەک رابەری سەرەکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران</u> دیدوبۆچوونێکی وەهایان ببوایەت.

1- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکاری ئێران بۆ رۆژێکیش نەیتوانیوە لە ژێر سایە و پەنای نەتەوە باڵادەستەکەی ئێران واتە نەتەوەی فارس و حیزب و رێکخراوەکانی ئەو نەتەوەدا چالاکی بکات.

2 – ئەگەر یارمەتی و پێویستییەکانی ژیانی سیاسی روژانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەماوی ئەم 25 ساڵەدا لە بەرچاو بگرین، یارمەتی نەتەوە باڵادەستەکەی و حیزبی و رێکخراوەکانی ئەو نەتەوە و چینی کرێکاری ئێران، بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ یەک رۆژیش یارمەتیان پێنەکردووە.

3 - خوالێخۆشبوو مەنسور حیکمەت <u>تیئۆرسیەنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران</u> سەبارەت بە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەو جۆرە ئەڵێن: **هێزی چەکدار،، پێشمەرگە،، لە سونەت و نەریتی ناسیۆنالیستیدا هێزێکی بێ ئێدئۆلۆژییە.**
سەرچاوە گۆڤاری کۆمۆنیست، ئۆرگانی رەسمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- ژمارە 60 .

خوالێخۆشبوو حیکمەت لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە رێکخراوە ناسیۆنالیستەکان ئێدئۆلۆژیان نییە، بەڵام بەڕێز عەلیزادە بە ئیدئۆلۆژی داریان ئەزانێت. لێرەدا ئەبێ بپرسین ئەو دوو باسە سیاسییە بۆچ لە ئارادایە ؟!

ئەو بۆچوونەی بەڕێز عەلیزادە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی رابەرایەتی موجاهیدین خەڵکی ئێران کە **مەسعود رەجوی** هاندا نامە بۆ ئایەتوڵا خومەینی بنووسێ و بڵێت: **حەزرەتی ئێمام <u>تکایە</u> رەوانەمان بکەن بۆ کوردستان تا لەگەڵ هەر ئاژاوەگێڕێک لەو مەڵبەندەدا بجەنگین**، جیاواز چییە؟ کام پادشا و سەرۆککۆماری ئێران لەن چەن دەهەی رابردوودا سەبارەت بە نەتەوە ژێردەستەکان بەو شێوە بیریان نەکردوەتە؟ راستی هۆێ لەشکرکێشی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بۆ تورکمەن سەحرا و خوزستان و کوردستان لە ئاکامی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا نەبووە؟

ئەو بۆچوونەی بەڕێز عەلیزادە بە رادەیەک نادورست و ناڕەوا بوو، کە لە چاپی ئەو وتووێژە لە گۆڤاری (جهان امروز - ژمارە 197) ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەسکاری ئەو بەشە لە وتووێژەکەیان کردووە. <u>بەرێوەبەرانی ئەو گۆڤارە لەبری ئەوەی بە نووسراوە رەخنە لەو بۆچوونەی عەلیزادە بگرین، دەستیان داوەتە کاری</u> **<u>سانسۆر و تەحریف و چاوبەستنی خوێنەران.</u>**

**تێبینی** ئەو نامەی مەسعود رەجەوی لە گۆڤاری مجاهد دا چاپکرا، بەداخەوە ژمارەکەیم بەجوانی لەیاد نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەزانم کە لە ژمارەکانی 110 تا 130 چاپکرا بوو، لە شاری بۆکان خوێندوومەتەوە.

سەعی سەقزی
qayshi@yahoo.com
2008/10 / 12